زنجیرەی گەنجینەی گەوهەر
(٣)

# ٧٥ پرسیار

دەربارەی

# ژیانی پێغەمبەران

منتدى إقرأ الثقافي

ئامادەکردنی
عبدالرحمن نجم الدین طه

www.iqra.ahlamontada.com

چاپی دووەم
١٤٢١ ك - ٢٠٠٠ ز

بسم الله الرحمن الرحيم

# پرسیارەکان

١/بەپێی ی فەرموودەی پێغەمبەرﷺ ژمارەی سەرجەم پێغەمبەران-(رسول) و(نبی) -چەندە؟

٢/ لەقورئانی پیرۆزدا ناوی چەند پێغەمبەرهاتووە ؟

٣/ کورە ئیماندارەکانی حەزرەتی (نوح) ناویان چی بوو؟

٤/ حەزرەتی (لوط) چ خزمایەتیەکی لەگەڵ حەزرەتی (ابراهیم) هەیە ؟

٥/ پێغەمبەرﷺ لەبارەی کام پێغەمبەرەوە فەرموویەتی: الکریم بن الکریم بن الکریم بن الکریم ؟

٦/ نازناوی (ذو النون) و(صاحب الحوت) هی کام پێغەمبەرە؟

٧/ مەزاری حەزرەتی (شیت) لەکوێیە ؟

٨/ ناوی (موسا) بەزمانی میسری کۆن ، یانێ چی ؟

٩/ حەزرەتی (شوعیب) بۆ سەرچ گەلێك نێرراوە ؟

١٠/ پێغەمبەرە خاوەن عەزمەکان (اولو العزم) کێن ؟

١١/ ئەو پیشە چییە کە زۆربەی پێغەمبەرانی خوا کردوویانە ؟

١٢/ کام پێغەمبەر: براکەیشی پێغەمبەر بووە لەگەڵ خۆیدا ؟

١٣/ ژنە ئیماندارەکەی فیرعەون ناوی چی بوو ؟

# وەڵامەکان

و ١/سەدو بیست و چوار هەزار پێغەمبەر.

و ٢/ بیست وپێنج پێغەمبەر .

و٣/حام –سام –یافث.

و ٤/حەزرەتی (لوط)برازای حەزرەتی (ابراهیم ) بووە .

و ٥/ لەبارەی حەزرەتی (یوسف) ەوە ، چونکە کوڕی (یعقوب)، کوڕی (اسحاق) ، کوڕی (ابراهیم) بووە .

و ٦/(یونس) پێغەمبەر .

و٧/ لە شاری ( موسڵ) ە لەعێراقدا .

و٨/ یانێ : لەناودەرهێنراو .

و٩/ بۆ سەر (ئەهلی مەدیەن) کە بە( أصحاب الأیکە) ناسراون.

و ١٠/ نوح –ابراهیم– موسا – عیسا – محمد .

و ١١/ پیشەی (شوانی)یە .

و١٢/ حەزرەتی (موسا) .. براکەشی ناوی حەزرەتی (هارون) بووە .

و١٣/ خاتوو (ئاسیە) .

١٤/ كام پێغەمبەر تووشی نەخۆشیەكی زۆر سەحت و درێژ خایەن هات ؟
١٥/ حەزرەتی (لوط) بۆكوێ رەوانە كرا بە پێغەمبەر ؟
١٦/ كوری كام پێغەمبەربەبێ باوەڕیی ، بە خنكان لەناو چوو ؟
١٧/ كاتێك حەزرەتی (اسحاق) لەدایك بوو ، حەزرەتی (ابراهیم)ی باوكی تەمەنی چەند بوو ؟
١٨/ حەزرەتی (عیسا) چەند لە حەزرەتی (یحیی) چووكتر بووە ؟
١٩/ ئەو دوو پێغەمبەرەی ژنەكانیان نموونەی بێ بڕوایین ، كێن ؟
٢٠/ ئەو دوعایەی حەزرەتی (یونس) لەسكی نەهەنگەكەدا خوێندی ، چی بوو ؟
٢١/ حەزرەتی (یونس) بۆ سەر كوێ رەوانە كرا بەپێغەمبەر ؟
٢٢/ كام پێغەمبەر بوو كە وەفاتی كرد ، تاماوەیەكی زۆر هەر پێی نەزانرا كە مردووە ؟
٢٣/ حەزرەتی (موسا) چەند ساڵ شوانی كرد بۆ حەزرەتی (شعیب) ؟
٢٤/ (أصحاب الحجر) كێن ؟
٢٥/ كام پێغەمبەر لەماناو لێكدانەوەی خەودا پسپۆڕبووە ؟
٢٦/ كەشتیەكەی حەزرەتی (نوح) لەكوێ نیشتەوە ؟
٢٧/ شەوی میعراج ، پێغەمبەر ﷺ لە ئاسمانی چوارەمدا ، كام پێغەمبەری بینی ؟
٢٨/ (هاجەر) خاتوون و(سارە) خاتوون، خێزانی كام پێغەمبەر بوون؟

و١٤/ حەزرەتی (أیوب) .
و١٥/ بۆ سەر ( ئەهلی سەدوم) کەلەشوێنی (البحر المیت) دابوون .
و١٦/ کوڕێکی حەزرەتی (نوح) .
و١٧/ (سەد ساڵ) .
و١٨/ حەزرەتی (عیسا) سێ مانگ دوای حەزرەتی (یحیی) لەدایك بووە .
و١٩/ ژنی حەزرەتی (نوح) ، ژنی حەزرەتی (لوط) .
و٢٠/ (لااله الا انت ، سبحانك اني كنت من الظالمين ) .
و٢١/ بۆسەر (ئەهلی نەینەوا) .
و٢٢/ حەزرەتی (سولەیمان) .
و٢٣/ (دە) ساڵی ڕەبەق .
و٢٤/ گەلی (ثەمود) ن ، کەگەلی حەزرەتی (صالح) بوون .
و٢٥/ حەزرەتی (یوسف) .
و٢٦/ لەسەر کێوی (جودی) لە نزیکی شاری (دیار بەکر) ، لە کوردستانی تورکیا .
و٢٧/ حەزرەتی (ادریس) .
و٢٨/ خێزانی حەزرەتی (ابراهیم) بوون .

٢٩/ ئەو كێوە ناوی چی یە ، كەبۆ یەكەم جار خوای گەورە لەسەری قسەی لەگەڵ حەزرەتی موسا) دا كرد ؟
٣٠/ حەزرەتی (نوح) چەند ساڵ بانگەوازی گەلەكەی كرد ؟
٣١/ كەحەزرەتی (موسا) ،(میسر) ی بەجێ‌هێشت ، رووەو كوێ هەڵهات ؟
٣٢/ موعجیزەی كام لە پێغەمبەران، حوشترێكی زیندوو بوو لە بەردێك هاتە دەرەوە؟
٣٣/ كام پێغەمبەر ماڵی خوا :(كەعبەی پیرۆز)ی بنیات نا؟
٣٤/ تاقە برا باوكو دایكیەكەی حەزرەتی(یوسف) ناوی چی‌بوو؟
٣٥/خوا كام پێغەمبەر لە فتوادانێكدا بە فریشتە تاقی كردەوە؟
٣٦/ كامیان: حەزرەتی (موسا) یا حەزرەتی (هارون) زووتر وەفاتی كرد؟
٣٧/ گەلەكەی حەزرەتی (هود) بەچی سزا دران؟
٣٨/ كام پێغەمبەربوو ، بۆ خۆلادان لە گوناهێك فەرموویەتی: رب السجن احب الي مما يدعونني اليه؟
٣٩/ئەو پێغەمبەرەی بێ‌وێنە بووە لە دەنگ خۆشی‌دا، ناوی چی‌یە؟
٤٠/كام لە پێغەمبەران باوكی نیەو، كامیان باوك و دایكیشی نی‌یە؟
٤١/ گەلەكەی حەزرەتی (هود) ناویان چی‌بوو؟
٤٢/ (كليم الله) نازناوی كام پێغەمبەرەیە؟

و۲۹/ کێوی (طور).
و۳۰/ نۆ سەدو پەنجا ساڵ
و۳۱/ ناوچەی (مەدیەن).
و۳۲/ موعجیزەی حەزرەتی (صالح) بوو.
و۳۳/ حەزرەتی (ابراهیم) بەهاوکاری حەزرەتی (اسماعیل)ی کوڕی.
و۳٤/ ناوی (بەنیامین) بوو.
و۳٥/ حەزرەتی داود لە کێشەی (۹۹) مەڕەکەدا.
و۳٦/ (هارون) زووتر وەفاتی کردووە.
و۳۷/ بەبایەکی توونـدی کوشـندە، کـە مـاوەی (۷) شـەوو(۸) ڕۆژ بەردەوام بوو.
و۳۸/ حەزرەتی (یوسف).
و۳۹/ حوزرەتی (داود) کە (زەبـوور)ی خوێندووەتـەوەو تەسـبیحاتی کردوە بە دەنگە زوڵاڵەکەی.
و٤۰/ حەزرەتی (ئادەم)و حەزرەتی (عیسا) باوکیـان نیـە، حـەزرەتی (ئادەم) هەردوکیانی نی یە.
و٤۱/ گەلی (عاد)، کە لەناوچەی (الاحقاف) نیشتەجێبوون.
و٤۲/ نازناوی حەزرەتی (موسا)یە.

٤٣: کام پێغەمبەر بەشەپازلەیەك: فریشتەی گیان کێشانی کوێر کردووە ؟
٤٤/ ئەو بتەگەورەی کەگەلەکەی حەزرەتی (یونس) دەیانپەرست،ناوی چی بوو ؟
٤٥/ (قارون) ی سەرمایەداری ستەمکار، لەسەردەمی کام پێغەمبەردا بووە؟
٤٦/ کێ هەواڵی شاژنە (بەلقیس)ی گەیاند بە حەزرەتی (سلیمان) ؟
٤٧/ موعجیزەی زیندو کردنەوەی مردوو ، موعجیزەی کام پێغەمبەربوو ؟
٤٨/ گەلەکەی حەزرەتی (یونس) چەند کەس بوون ؟
٤٩/ کوڕی کام پێغەمبەربوو، یەکەمین جار مرۆڤی کوشت؟ ناوی چی بوو؟
٥٠/ کام پێغەمبەر نموونە بووە لە جوانی دا ؟
٥١/ (طالوت) و(جالوت) کێ بوون ؟
٥٢/ کام پێغەمبەر بوو ، بۆ یەکەم جار کراسی زری بنی دروست کرد ؟
٥٣/ ئەو دعایەی حەزرەتی (ایوب) خوێندی لەکاتی نەخۆشیەکەیدا چیبوو ؟
٥٤/ کام پێغەمبەر بە شەپازلەیەك پیاوێکی ستەمکاری کوشت ؟
٥٥/ کام پێغەمبەر لەترسی دەست درێژی کردن بەژنەکەی خۆی وت: ئەمە خوشکمە ؟
٥٦/ دایکی حەزرەتی (اسماعیل) ناوی چیبوو؟ وەدایکی حەزرەتی (اسحاق) ناوی چی بوو ؟
٥٧/ ئە پێغەمبەرەی خوا ئاگری بەتاوو بڵێسەداری بۆ ساردکردەوە ، کێبوو ؟
٥٨/ (الیاس) و(الیسع) پێغەمبەری کێ بوون ؟
٥٩/ کام پێغەمبەر لە قورئاندا باس کراوە، کەزمانی گیاندارانی دەزانی؟

و٤٣/حەزرەتی (موسا) .
و٤٤/ بتی (عەشتار) .
و٤٥/ لەسەردەمی حەزرەتی (موسا) دا .
و٤٦/ پەپوسلێمانە (هدهد) .
و٤٧/ موعجیزەی حەزرەتی (عیسا )بووە .
و٤٨/ سەد هەزار کەس ، یان زیاتر .
و٤٩/ (قابیل )ی کوڕی حەزرەتی (ئادەم) .
و٥٠/ حەزرەتی (یوسف) .
و٥١/ (طالوت) پاتشایەکی بەنی ئیسرائیل بووە ، (جالوت) سەرۆکی بت پەرستە فەلەستینیەکان بووە .
و٥٢/ حەزرەتی _داود) .
و٥٣/ رب اني مسني الضر وانت أرحم الراحمين .
و٥٤/ حەزرەتی (موسا) .
و٥٥/ حەزرەتی (ابراهیم) بە (خاتوو سارە) ی ژنی . مەبەستی خوشکی ئاینی بوو .
و٥٦/ خاتوو (هاجەر) - دایکی (ئیسحاق) یش ناوی خاتوو (سارە) بووە .
و٥٧/ حەزرەتی (ابراهیم) .
و٥٨/ پێغەمبەری (بني اسرائیل) بوون .
و٥٩/ حەزرەتی (سلیمان) .

٦٠/ حەزرەتی (یعقوب) چاوە کوێرەکانی بەچی چاك بوونەوە ؟
٦١/ یەکەم پێغەمبەر ودوا پێغەمبەر ناویان چی‌یە ؟
٦٢/ ناز ناوی باوکی پێغەمبەران (أبو الانبیاء) هی کام پێغەمبەرە؟
٦٣/ ئەو گەلەی خوا بەقریشکەیەکی تۆقێنەر فەوتاندنی کێ بوون ؟
٦٤/ حەزرەتی موسا چەند کەسی هەڵبژارد بۆ میقاتی خوا بەتۆبەکردن لە پەرستنی گوێرەکەکە ؟
٦٥/ حەزرەتی (سلیمان) کوڕی کێیە ؟
٦٦/ بتەکانی گەلەکەی (نوح) پێغەمبەر ناویان چی بوو ؟
٦٧/ ئینجیل پەیامی کام پێغەمبەرەو، مانای چی‌یە ؟
٦٨/ حەزرەتی (اسحاق) چەندجار لە قورئاندا ناوی هاتووە ؟
٦٩/ کێ مژدەی دا بەحەزرەتی (مەریەم) کە منداڵی دەبێت ؟
٧٠/ حەزرەتی (یوسف) لەخەویدا شتانێك کڕنوشیان بۆ دەبرد ، ئەو شتانە چی بوون ؟
٧١/ ئەو پێغەمبەرەی باوکی کراوە بە قوربانی ، ئەو پێغەمبەرەی باوکی کردویەتی بە قوربانی ، ناویان چی‌یە ؟
٧٢/ موعجیزەی دەستی سپی (الید البیضاء) هی کام پێغەمبەربور ؟
٧٣/ کام پێغەمبەران بە ساوایی هاتوەتە قسە کردن ؟
٧٤/ حەزرەتی (ذو الکفل) کوڕی کام پێغەمبەرو،خۆی ناوی چی‌بووە؟
٧٥/لەو پێغەمبەرانەی ناویان لە قورئاندا هەیە ، چەندیان لەنەوەی حەزرەتی (ابراهیم)ن؟

و ٦٠/ بەکراسەکەی حەزرەتی (یوسف)ی کوڕی !
و ٦١/ یەکەم پێغەمبەر(ئادەم) ، دوا پێغەمبەر(محمد)
و ٦٢/ حەزرەتی (ابراهیم)
و ٦٣/ گەلەکەی حەزرەتی (صالح) وگەلەکەی حەزرەتی (شعیب)
و ٦٤/ حەفتا کەس
و ٦٥/ کوڕی حەزرەتی _داود)ە- سەلامی خوایان لێ بێت
و ٦٦/ وەدد -سواع -یەغوث-یەعوق- نەسر
و ٦٧/ پەراوی حەزرەتی (عیسا)یە وشەیەکی یۆنانیە بەمانای (مژدە)یە
و ٦٨/ حەڤدە جار
و ٦٩/ حەزرەتی (جوبرەئیل) -سەلامی خوای لێبێت
و ٧٠/ خۆر - مانگ-یانزە ئەستێرە
و ٧١/ یەکەم حەزرەتی (محمد) ە دووەم حەزرەتی (اسماعیل) ە
سەلامی خوایانی لێ بێت
و ٧٢/ حەزرەتی (موسا)
و ٧٣/ حەزرەتی (عیسا)
و ٧٤/ خۆی ناوی (بشیر) بووە کوڕی حەزرەتی (ئەییوب) بووە
و ٧٥/ هەژدە پێغەمبەریان لەنەوەی حەزرەتی (ابراهیم) د

**سەرچاوە:**

١/ قصص الانبیاء، عبدالوهاب النجار
٢/ مع الانبیاء في القرآن الکریم/ عفیف طبارة
٣/ العقیدة الاسلامیة/ عبدالرحمن المیداني. لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تر

## براو خوشکی خوێنەری بەڕێز..

(زنجیرەی گەنجینەی گەوهەر)، کۆمەڵێك زانیاری پێویست و گرنگ و بەسوودی لە خۆگرتووەو، ئەم ئەڵقانەی لای خوارەوەی لێ بڵاوبووەتەوە:

١- (٧٥) پرسیار دەربارەی قورئانی پیرۆز.

٢- (٦٠) پرسیار دەربارەی ژیانی پێغەمبەر ﷺ.

٣- (٧٥) پرسیار دەربارەی ژیانی پێغەمبەران.

٤- (٦٥) پرسیار دەربارەی ڕەمەزانی پیرۆز.

٥- (٨٠) پرسیار دەربارەی جێنشینەکانی پێغەمبەر.

٦- (١٠٠) پرسیار دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەر.

٧- (٧٠) پرسیار دەربارەی ڕۆژی قیامەت، بەهەشت، دۆزەخ.

٨- (١٠٠) پرسیار دەربارەی مێژووی شارستانیەتی ئیسلامیی.

٩- (١٠٠) پرسیار دەربارەی زانایانی ناوداری ئیسلام.

١٠- (٧٠) پرسیار دەربارەی ئافرەتانی موسڵمانی ناودار.

ژمارەی سپاردنی ئەڵقەکانی ئەم زنجیرە (٢٤٥) بۆ ساڵی ١٩٩٨ ز

**مافی چاپ و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە**